# [دیمانە لەگەڵ جەعفەر ئەمینزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران]



جەعفەر ئەمینزادە، ناسراو بە جەعفەرە سوور، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست، لەم چاوپێکەوتنەدا بۆ یەکەم جار پەردە لەسەر ناکۆکیی خۆیان لەگەڵ ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لادەبا و داواکارە قالبی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ڕێکخراوی کۆمەڵە لابچێ و وەک کۆمەڵە درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن. بۆ تیشکخستنەسەر خەتە جیاوازەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و گەلاڵە و ئەفکاری حەوت کەس لە دامەزرێنەران و کادرەکانی کۆمەڵە کە لە ئۆکتۆبری ساڵی 2004دا ناڕەزایەتی خۆیان لە ناوی حیزبی کۆمۆنیست دەربڕیبوو بە پێویستم زانی لە نیزیکەوە جەعفەر ئەمینزادە، یەکێک لە ئیمزاکەرانی ئەو نامەیە، بدوێنم.

**پێم باشە وەک یەکەم پرسیار، باس لەو نامەیە بکەی کە ئێوە وەک حەوت کەس لە کادرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئۆکتۆبری ساڵی 2004دا بڵاوتانکردەوە و باس لە لابردنی ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکەن. دەرنجامی ئەو نامەیە بە کوێ گەیشت؟ ئایا بە دەنگتانەوە هاتن؟**

- دیارە نامەکەمان زیاتر بۆ دەرەوەی خۆمان بوو. لە تەشکیلاتدا ئەم شتە پێشتر باسمان لێ کردبوو. تەشکیلاتیش وەڵامی خوی دابۆوە. بەڵام ئێمە پێمان باش بوو بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوە وەک ئێمەش بیر دەکەنەوە بڵاوی بکەینەوە، هێندێکیش لەنێو کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستیشدا هەن کە بە شێوەیەکی دیکە لە پێوندیی لەگەڵ قالبی ئەم تەشکیلاتە بیر دەکەنەوە. بۆیە پێمان خۆش بوو تەنیا ڕاییگەیەنین و بەتایبەت ڕەنگدانەوەی هەبێ لەنێو خەڵک و بەتایبەتی لەنێو کوردستانی ئێراندا.

**ئەم بیرکرنەوەی ئێوە لەسەر چی دامەزرابوو؟**

- ڕەواڵەت و نێوەرۆکی شتەکە هەر ئەوە بوو کە ئێمە پێمان وابوو کۆمەڵە بەتایبەت لە سەردەمی ئێستادا دەبێ لەنێو ئەو قالبە نەمێنێ. چونکە هەر یەک تەشکیلاتە و دوو ناوی پێویست نییە. بەهۆی هەم وەزعییەتی تێکۆشانی ئێستای و هەم بەهۆی ئەو توانایانەی کە هەیەتی تەنیا پێویستی بەوە هەیە کە بە ناوی کۆمەڵەوە کار بکا تا تەشکیلات بێ و هێزەکانی خوی بەهەدەربدا.

**تو پێتوایە مانەوەی کۆمەڵە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا کۆمەکێک بە کۆمەلە ناکا؟**

- من وەک دوو تەشکیلات نایبینم و وەک یەک تەشکیلات دەیبینم. ئەوە بۆچوونی ئێمەیە. چونکە حیزبی کۆمۆنیستیش هەر کۆمەڵەیە. کۆمەڵەش هەر حیزبی کۆمۆنیستە.

**یانی تۆ دەتەوێ کۆمەڵە کوردستانی تر بکرێ؟**

- بەو مانایە نا، چونکە ئێمە کۆمەڵێک ئینسانین کە خۆمان بە کۆمۆنیست دەزانین و خۆمان بە ئینتەرناسیۆنالیست دەزانین. بەڵام زەرورەتی کۆمەڵایەتی کە ئێستا مەوجوودە بۆ خودی کۆمەڵە،

پێمان وابووە لەژێر ناوی کۆمەڵە کار بکرێ باشترە. چونکە هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمەوە کۆمەڵە ئاسۆیەکی سەرتاسەری بووە. جیهانبینیی ئێمەش جیهانبینیی مارکسیستییە. ئێمە خۆمان بە کۆمۆنیست دەزانین و لە هەر شوێنێکیش تێکۆشان بکەین ئاسۆیەکی جیهانیمان هەیە.

**باشە تو دەڵێی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیست لێک جیا ناکرێنەوە و وەک یەک وان بۆ ئێوە. بەڵام ئێوە لەو نامەیەدا دەنووسن حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوونی خاریجی نییە و ئەمەش دەقی ڕەستەکەتانە "حزب کمونیست ایران از نظر ما مدتهاست وجود خارجی نداردو فقط تابلویی است و بس"، واتە زیادییە؟**

- ئاخر تەشکیلاتێک ناکرێ دوو ناوی هەبێ!

**دەتوانی ئەمە زیاتر شی بکەیتەوە؟**

- ئێمە پێمانوایە تەواوی ئەفراد و تواناکانی ئەم حیزبە هی کۆمەڵەیە.

**بە تەواوی؟**

- نەک سەدی لە سەد، بەڵام ئەو کاتەش حیزبی کۆمۆنیست تەشکیل نەببوو، ئێمە ئەفرادی غەیرە کوردمان تێدا بووە. هەر بەو دەلیلە ئێمە دەڵێین کە ئاسۆیەکی سەرانسەریمان هەیە. هەرچەند ڕادەکەی بەقەد قامکەکانی دەست دەبێ. ناتوانی بڵێی زۆرن. بەڵام ئێمە یەک تەشکیلاتین نەک دوو تەشکیلات.

**کەواتە ئێوە داوای کۆمەڵەیەکی سەرتاسەری دەکەن بەبێ مانەوە لە قالبی حیزبی کۆمۆنیستدا؟**

- بەڵێ!

**قسەکەی من هەر ئەوەیە، ئێوە ناتانەوێ لە حیزبی کۆمۆنیستدا بمێننەوە؟**

- من پێم وابێ قالبەکەی لابچێ باشترە تا بەو شێوە کە تو باسی دەکەی. من دەڵێم یەک تەشکیلاتین.

**واتە ناتانەوێ ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەسەر ناوی کۆمەڵە هەبێ؟**

- بەهۆی پایەگایەک کە کۆمەڵە بوویەتی لە ناوچەیەک لە ئێراندا و ناوەکەشی خۆشەویستە بۆ خەڵک و خەڵک زیاتر دەیناسن کە من پێموایە خەڵک زیاتر حیزبی کۆمۆنیستیشیان بناسیایە من پێموابوو هەر فەرقیان دەبوو. هەروەها بەهۆی ئەوەی کە بەرەی چەپ لەو ناوچە جوغرافیاییە لاواز نەبێ، ئێمە دەبێ بە ناوی کۆمەڵەوە کار بکەین.

**ئەم کۆمەڵەیەی تۆ داوای دەکەی چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان؟**

- ئێمە دوو حیزبی جیاوازین. بنەما فیکرییەکانی ئێمە هەر ئەوانەی پێشوون. ئەوان حیزبێکی دیکەن و جیاوازن لە ئێمە.

**باشە موخالیفینی ئێوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کێن؟ ئەوانەی کە بە دەنگ ئەم بانگەوازەی ئێوەوە نایەن کێن لەم حیزبەدا؟ ئەوان چون بیر دەکەنەوە؟**

- ئەوان پێدادەگرن لەسەر ئەوە کە دەبێ ئەو قالبە بمێنێ. دەڵێن تەشکیلاتی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی ئەو حیزبە بێ. موخالیفینی ئێمە ئەوانەن کە زۆرایەتین لەنێو کۆمیتەی مەرکەزیدا.

**ئەوان ڕەخنەتان لێدەگرن کە بەرنامەتان نییە، تەحلیلتان نییە، تیۆریتان نییە! ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

- نازانم مەبەستت لە تەحلیل چییە. ئێمە یەک بەرنامەمان هەیە. بەرنامەیەک کە داومانە بۆ خەڵکی کریکار و زەحمەتکێشە. ئەو بەرنامەش زیاتر کۆمەڵە پراکتیکی دەکا.

**باشە بۆ کۆنکرێت پێم ناڵێی بەرنامەی ئێوە چییە، ئێوە کە دەڵێن ئەو قالبەمان قبووڵ نییە و جیاوازیشین لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ؟**

- بەرنامەی ئێمە هەر ئەو بەرنامەیە کە ئێستا هەمانە. ئێمە جیاوازیی خۆمان لەگەڵ سازمانی زەحمەتکێشان باس کرد. ئەوان حیزبێکی دیکەن. بەڵام لەگەڵ ڕەفیقەکانی دیکەمان هەمان بەرنامەمان هەیە کە باسم کرد.

**کەواتە ئێوە هیچ ناکۆکییەکتان لەگەڵ بەرنامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نییە؟**

- نازانم، بەڵام ئەم بەرنامەیە ماوەیەکی زۆرە نووسراوە. هەر بەرنامەیەک بۆخۆی پێداچوونەوەیەکی دەوێ. سەرەڕای ئەوە ئێمە لە باری فەلسەفییەوە کۆمەڵێک ئینسانی کۆمۆنیستین، بەڵام جاری وایە زەرورەتێک دێتەپێشێ کە تۆ پێداچوونەوەیەک بکەی بە بەرنامەکانتدا.

**پێتوایە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێداچوونەوەی بە بەرنامەکانیدا نەکردووە؟**

- من پێموایە کردوویەتی و ئێستاش پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

**ئەم پێداچوونەوەی تۆ داوای دەکەی، پێداچوونەوەیەکی ریفۆرمیستییە یان شۆڕشگێڕانە؟**

- نەخێر ئەوەی من باسی دەکەم شۆڕشگێڕانەیە. پێیشم وایە ئێمە دەبێ لەسەر بنەما فیکرییەکانی خۆمان بڕۆین. چونکە ئێستا چەپ لە جیهان بەرەوپێش دەچێ. یانی جۆرێک گیانی تێداهاتۆتەوە.

**باشە کۆسپەکانی ئێوە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا بۆ دابەزاندنی بەرنامەکانتان چییە؟**

- دیارە ئەوە کۆمەڵێک خەت و چوارچێوەیە لەنێو تەشکیلاتی ئێمە کە فشارمان بۆ دێنێ کە ئێمە وەسڵ بکا بە خەت و قالبێکی دیکە کە ئەمە بەگشتی وەزعییەتێک بووە لە سەردەمی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست‌یش هەر هەبووە. بەتایبەتی ڕێبەرییەکەی تووشی بۆچوونی سکتاریستی بووە کە تەنانەت لەنێو چەپەکانی ئێرانیشدا نەیتوانی جێ بکەوێ و کەسی بە کۆمۆنیست نەدەزانی. ئەم بۆچوونە ئێستاش هەیە و پاشماوەی ماوە و ئەمە فشار بۆ ئێمە دێنی کە وەسڵت بکا بە خەتی دیکە.

**سەرەڕای بوونی ئەم فشارانەی باسیان دەکەی، ئێوە لە کۆنگرە خۆتان هەڵدەبژێرنەوە بۆ کۆمیتەی مەرکەزی، ئەمە چۆنە؟ چون دەنگتان پێدەدەن؟**

- خەڵک لەنێو تەشکیلاتدا پراکتیکی ئێمەی دیوە. ئێمە ئەو کەسانەی کە ئەو بۆچوونەیان هەیە زۆربەیان لە کادرە کۆمۆنیست و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەن. کۆمەڵێک کادری خۆشناون و لە ئاستی

بزووتنەوەی کوردستاندا دەناسرێن. حەزفی ئەوانە بۆ خودی تەشکیلاتەکەش بە زەرەرە چ بگات بە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان. ئەوانە کەسانێکی کۆمۆنیستن. کەسانێکن سەرەڕای خۆشناوییان، پایبەند بوون بە بنەما فیکرییەکانی ئێمە.

**واتە دەتوانین بڵێین فشار هەیە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا بۆ حەزفی ئێوە؟**

- بەڵێ هەیە!

**کەواتە ئەو دەنگانەی لە کۆنگرەکاندا ئێوە بەدەستیان دەهێننەوە و دەبنەوە بە کۆمیتە مەرکەزی، زیاتر دەنگی ئەو کەسانەیە کە کوردستانی بیردەکەنەوە؟**

- من ناتوانم بڵێم وایە یان نا. بەڵام ئەو خەڵکە چاو لە عەمەلی ئێمە دەکەن لە ماوەی ژیانی کۆمەڵەدا. ئەم ڕەفیقانەی ئێمە هەموویان کادری ئێمەن. مەسەلەکەش ئەوە نییە کە هەموویان وەک ئێمە بیردەکەنەوە. ئەوانەی دەنگ بە ئێمە دەدەن شایەد هەموویان وەک ئێمە بیر نەکەنەوە بەڵام ئەوە دەزانن کە ئێمە پێویستین بۆ ئەو بزووتنەوەیە و بە قازانجیشین وەک سۆسیالیستێک بۆ بزووتنەوە.

**کەواتە دەتوانین بڵێین لەنێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا دوو ڕەوتی جیاواز و دژ بە یەک هەن؟**

- ناتوانم بڵێم چەندە دژ بە یەکین. ئێمە دژ بە هیچ کەس نین لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا. من باوەڕ ناکەم ئەو ڕەفیقانەی وەک من بیردەکەنەوە دژ بە هیچ کەسێک بن. بەڵام دیارە لەسەر بۆچوونەکانی خۆمان پێمان داگرتووە و لایەنی بەرانبەریش دەبێ ئێمە بە ڕەسمیەت بناسێ. چونکە ئێمە حیزبێکین خۆمان بە تەشکیلاتێکی سۆسیالیستی دەزانین و دەبێ پایبەند بین بە دیموکراسی نێو تەشکیلات.

**کاک جەعفەر، لەنێو ئەحزابی ئێمەدا، جا ئەم حیزبانە لەژێر هەر ئایدیایەکدا خۆیان پێناسە بکەن، کەمایەتی، بیری جیاواز و جیابیران کەمترین دەرەتانی قسەکردنیان پێدەدرێ. ئەمە لە حیزبی کۆمۆنیستیشدا دەبینرێ و ئێوە دوو ساڵە داوایەکی ئاواتان هێناوەتەگۆڕێ بەڵام دەبینین سەرپۆشێکی گەورە بەسەرتاندا دراوە و تەنانەت هێندێک جار وەک چەند کەسێکی کەم لەنێو کۆمیتەی مەرکەزی باستان دەکەن. ئەمە چۆنە؟**

- ئێمە خۆمان لەگەڵ ڕادەدا هەڵناسەنگێنین. ئێمە کادری هەلکەوتەمان لەگەڵدایە. ئێمە دەمانەوێ شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بکەین. پێموایە ئەو بۆچوونەی ئێمە لە داهاتوودا و لەنێو کۆمەڵگەدا دەبێتە باوەڕێکی زاڵ. دیارە هەمیشە زۆرایەتی ڕاست ناکا.

**هەست ناکەی ئەم ململانێیەی لە حیزبی کۆمۆنیستدا هەیە بە جۆرێک بنبەست گەیشتووە؟**

- پێم وا نییە!

**باشە بە سەرنجدان بەو ڕاستیە کە ئەم تەشکیلاتە تا ئێستا وەڵامی ئێوەی نەداوەتە، باشتر نییە کە ماڵاوایی لەم تەشکیلاتە بکەن و هێز و توانای خوتان لە جێگایەکی دیکەدا بە خەرج بدەن؟**

- من پێم باش نییه ئێستا هێزی چەپ له كوردستان زەعیف بكرێ. چونكه ئەوە به زەرەره. ئێمه كۆمەڵێك ئینشعابمان تێدا كراوه كه به زەرەریش بوون.

**تۆ دەڵێی نامانەوێ زەربه له هێزی چەپ بدەین، باشه خستنەڕووی ئەو داوایانەی ئێوه له خۆیدا زەربەلێدان له هێزی چەپ نییه؟**

- نا، من پێموایه به قازانجی چەپه. ئێمه نامانەوێ له بەشی بنەما فیكرییەكانمان له كوردستان لاواز بین. چونكه شەرایەتەكه وایه ئەگەر تەشكیلاتی ئێمه بیەوێ زەعیف بێ تەنانەت ئەو ئاسۆ سەراسەریەشی هەبێ و تەنانەت ئەو ڕەفیقانەی ئێمه كه وەك حیزبی كۆمۆنیست و وەك كۆمەڵەش كه بیر دەكەنەوە بەگشتی دەتوانێ زەربه له هەردوو بەشەكەی بێ. پێم وابێ دەبێ كۆمەڵەیەكی قەویمان هەبێ كه كەس نەتوانێ حەزفمان بكا.

**كەواته ئێوه كۆمەڵەیەكی بەهێزی كوردستانیتان دەوێ؟**

- نا، ئێمه تەنیا ئاسۆیەكی ناوچەییمان نییه و دەیشمانەوێ ئەو هێزەی كه هەمانه پێوندیشی هەبێ لەگەڵ وەحدەتێكی موبارێزاتی له سەرانسەری ئێراندا. بۆخۆیشمان دەزانین ڕزگاریی خەڵكی كورد ئیمكانی نییه.

**باشه خۆ حیزبی كۆمۆنیستیش هەر وا دەڵێ؟!**

- كەیفی خۆیانه، ئەوەش بۆچوونی ئێمه.

**كەواته ئێوه جیاوازییەكتان لەگەڵ حیزبی كۆمۆنیست به نیسبەت كێشەی كوردەوە نییه؟**
- ئێمه پێمان وایه جیاوازی هەیه. ئێمه ئەوەی كه ئەو قالبەمان ناوێ بۆخۆی جیاوازییه. دیاره تەنیا قالبگۆڕین نییه. ئەگەر جیاوازی نییه بۆ ئەوان نایگۆڕن؟ ئەو شتەی ئێمه باسی دەكەین كۆمەك دەكا بەو شۆڕشه كۆمەڵایەتییەی كه هەیه.

**كەواته كۆمەڵەیەك ئێوه داوای دەكەن نه له كۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەچێ و نه كۆمەڵەی حیزبی كۆمۆنیسته؟**
- ئێمه، باسم كرد، یەك بەرنامەمان هەیه!

**لەگەڵ حیزبی كۆمۆنیستدا؟**

- بەڵێ! پێمان وایه ئەو بەرنامه له چوارچێوەی كۆمەڵه بەرەپێش بچێ باشتره.

**ئێوه دەتانەوێ بەرنامەكانی حیزبی كۆمۆنیست لەڕێگەی كۆمەڵەوە بەرەوپێش بەرن؟**
- باسم كرد، بەرنامەی حیزبی كۆمۆنیست و كۆمەڵه یەك بەرنامەیه. زیاتریش هەر كۆمەڵه ئەو بەرنامەیەی بەرەوپێش بردووە. ئێمه زیاتر تێكۆشانمان لەنێو كۆمەڵەدا بووە.

**تۆ داهاتووی ئەم ململانێیه چۆن دەبینی؟ به قازانجی خۆتان دەیبینی یان لایەنی بەرانبەرتان؟**

- ئەگەر به قازانجی خۆمان نەمدیایه ئەم قسانەم نەدەكرد. من پێموایه به قازانجمانه. شایەد له ماوەیەكی كورتدا فشارێك لەسەر ئێمه بێ یان فشارێك لەسەر ئەو بۆچوونه بێ. چونكه وەك باسم كرد، خەت و هێڵێك هەیه كه فشار دێنێ بۆ ئەو خەتەی ئێمه.

**باشە ئەم بۆچوونەی ئێوە دەبینین دوای چوونەدەرێی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە حیزبی کۆمۆنیست سەرهەڵدەدا. ئەمە تەئسیروەرگرتن لەم ئینشعابە نییە؟**

- نەخێر. ئێمە تەنانەت ڕەفیقی وامان لەگەڵدایە کە کاتی خۆیشی لەگەڵ پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیست موخالیف بوو. بۆیە یەک بیر و بۆچوونمان نییە. چونکە ئەوان ئاسۆیەکی دیکەیان لە بەردەم خۆیان دانا. ئاسۆیەک بوو کە لە ئەوەڵەوە لەگەڵ خاتەمی بوون و دواتر پشتبەستنیان بەم وەزعەیە کە لە ناوچەکە ڕوویدا، بەتایبەت ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە کوردستانی عێراقدا ڕوویاندا. ئاسۆی ئەوانیش پشتبەستن بە جەماوەری خەڵک نییە بۆ ڕزگاریی خەڵکی کورد.

**من ئەم پرسیارەشم لە کاک برایم عەلیزادە کە موخالیفی ئەم دیدگایانەی ئێوەیە کردووە، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە لە حیزبی کۆمۆنیستدا ئەوەندەی لە کوردستان وەک کۆمەڵە دەناسرێن کەمتر وەک حیزبی کۆمۆنیست دەناسرین، ئەمە بۆچی؟**

- وایە، ئێمە زیاتر بە ناوی کۆمەڵەوە دەناسرێین. بەڵام پێم وا نییە وەک غەیرە کۆمۆنیست کۆمەڵە لە کوردستان بناسرێت. پێموایە ئەو خەڵکە ئێمەش وەک ئینسانی کۆمۆنیست دەناسن.

**ئەو ڕەخنانەی ئێوە لە حیزبی کۆمۆنیست بە مانای ناکارایی ئەم حیزبە نییە؟**

- من باسم کرد، پێموابێ ئەو قالبە لەباتی ئەوە قازانج بگەیەنێ زەرەر دەگەیەنێ بە داهاتووی خۆی.

**بەڵام کاک برایم عەلیزادە لە چاوپێکەوتنیک لەگەڵ مندا دەڵێ مەسەلە قالبی حیزبی کۆمۆنیست نییە، بەڵکو ئەو هاوڕێیانە دەبێ ڕەخنەکەیان واوەتر بەرن؟**

- منیش پێشنیارم ئەوەیە ئەگەر شتەکەی ئێمە ناڕاستە، ئەوان با هەر کۆمەڵە بن لەژێر ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کوردستان، با بزانین سەنگی محەک لەنێو خەڵکدا چۆن لێدەدرێ!

**ئێوە، ئەم جەمعە، بۆ کۆنگرەی داهاتوو چ بەرنامەیەکتان هەیە؟**

- ئێمە هیچ بەرنامەیەکی تایبەتیمان نییە، بەڵام ئێمە بۆچوونەکانی خۆمان شایەد ڕۆشنتر و زیاتر لەوەی کردوومانە باس بکەین لە کۆنگرەی داهاتوودا.

**پێتان وایە ئەم کێشە تەنیا کێشەیەکی دەروون تەشکیلاتییە؟**

- کێشەکە هەر لە ئەوەڵیشەوە دەروون تەشکیلاتی نەبوو. گۆڕینی قالب بۆخۆی کێشەیەکی سیاسییە. ئەمە کەس ناتوانێ بیکا بە کێشەیەکی تەشکیلاتی. من پێموایە هەر ناوەکە نییە بەڵکو ئەمە کێشەیەکی سیاسییە.

**بەڵام موخالیفینی ئێوە لە حیزبی کۆمۆنیستدا وەک وتم، ئەو ناوە بە کێشە نازانن؟**

- من پێموایە ناوەکە کێشەیە. ئەی ئەگەر ناوەکە کێشە نییە ئەوان بیگۆڕن. بزانین کەس قسەی دەمێنێ؟!

**باشە تۆ کە ئێستا پێتوایە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران زیادییە. چۆن ڕۆژی یەکەم ئەم قالبەتان قبووڵ کرد؟ ئەم ئاڵوگۆڕە فیکرییە چۆن ڕوویدا؟**

- ئێمە کاتی خۆی کە حیزبی کۆمۆنیستمان پێکهێنا هەوڵێکی دڵسۆزانەمان بەخەرجدا بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیست. پێموایە لەو سەردەمەدا ئەم هەوڵەی ئێمەش دروست بوو. هەوڵمان دا کۆمۆنیستەکانی ئێران کۆبکەینەوە لەدەوری حیزبی کۆمۆنیست. ئەمە هەولێکی دڵسۆزانە بوو کە کۆمەلە کردی. ئەمە خراپ نەبوو. بەڵام یەک شت هەیە ئەویش ئەوەیە لە ماوەی ژیانی حیزبی کۆمۆنیستدا سکتاریست حیزبی کۆمۆنیستی داگرت. کاتێ دایگرت کەس و هیچ گروپێکیان بە کۆمۆنیست حیساب نەدەکرد غەیری خۆیان. ئەمە زەربەی دا هەم لە ئێمە لەنێو حیزبی کۆمۆنیست و هەم لە بزووتنەوەی سەرانسەری. چونکە کەسمان وەرنەگرت. تەنانەت لەنێو خۆیشماندا کەسمان قبووڵ نەبوو. دواتریش دیتمان ئینشعابات ڕوویدا. زۆربەی دامەزرێنەرانی ئینشعابیان کرد و چوونەدەرێ. ئێمەش ئەمانەمان دی، دیمان ئیدی توانایی ئەوەمان نییە وەک حیزبی کۆمۆنیست کار بکەین. سەرەتا هەوڵدرا کە لە هەموو شوێنێکی ئێران کار بکرێ، بەڵام ئێمەی مەحدود کردەوە کە لەو قالبەدا بمێنینەوە. ئینسانمان کەم هێنا، کە نەفەریش نەبێ تو ناتوانی کار بکەی و بەرنامە تەنیا بەس نییە. کۆمەڵە کاتی خۆی ببوو بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵە دەیان و سەدان کادری بوو کە لە کۆمەڵگە کاریان دەکرد. ئەمە کۆمەڵەی کرد بە جەریانێکی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا. بەڵام ئایا حیزبی کۆمۆنیست ئەمەی هەیە؟ ئەو کادرانەی هەیە؟ ئەگەر کەسێک لە من بپرسێ دەلێم نا نیەتی.

**کاتێ کە حیزبی کۆمۆنیست پێکدێ بە سەدان کادر و ئەندامی کۆمەلە دەچێتە نێو ئەم ڕێکخراوە. بەلام هەر وەک باسیشت کرد ئەم حیزبە کە خۆی سەرتاسەری پێناسە دەکا ناتوانا دەبێ لە بەرکارهێنانی ئەم سەرمایە کوردییانە، ئەمەش هۆکارێک نییە بۆ پەشیمانبوونەوەی ئێوە لەم قالبە؟**

- من وەک پەشیمانبوونەوە نالێم. من دەلێم توانامان چەندە بیخەینەکار؟ من دەلێم وەک کۆمەڵە کار بکەین چونکە ناسراوترین. تۆ بڕوانە ئەو لێکترازانەی لە ئێمە ڕوویداوە خەڵکیان تووش سەرلێشێواوی کردووە لە کوردستان. من بمەوێ و نەمەوێ جەریاناتی تر هەیە وەک من خۆیان دەناسێنن.

**باشە کاک جەعفەر، ئێستا کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بەرنامەی دیارە، حیزبی کۆمۆنیست بەرنامەی دیارە، ئێوە، ئەو کۆمەلە لە کادرەکانی کۆمەڵە، نە دەتانەوێ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ بن و نە حیزبی کۆمۆنیست. دەتوانی بەکورتی و ڕۆشن پێم بڵێی بەرنامەی ئێوە چییە؟**

- من باسم کرد، کۆمەڵە هەر محەلی نەبووە!

**تو ڕەدی دەکەیتەوە کۆمەڵە ناوچەیی بووبێ؟**

- بەڵێ ڕەدی دەکەمەوە! ئاسۆیەکی سەرتاسەری بووە، ئەفرادی غەیرە کوردیشی تێدا بووە. ئێمە کۆمۆنیستین، ناسیۆنالیست نین. وەک کۆمۆنیستێکیش لە میللەتی تەحتی ستەم دیفاعمان کردووەو دەیکەین. کۆمەڵە لە مەسەلەی میللی زیاتر لە هەر هێزێک پشتیوانی کردووە.

**باشە ئێستاش هاوڕێیانی دیکەتان لە حیزبی کۆمۆنیستدا هەر ئەو قسەیەی تۆ دەکەن؟**

- دیارە ئەوان دەبێ بێن بلێن ئیختلافاتی ئێمە لەگەڵ ئێوە چییە. من دەلێم ئاوا بیر دەکەمەوە. ئێمە 27 ساڵە لە کوردستانی ئێران لەسەر حەقی کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و مەسەلەی

نەتەوایەتی کارمان کردووە و بۆ ئێمە گرنگ بووە. نەبووە ئێمە بڵێین ئەمە دابنێین بۆ ماوەیەکی تر ئەوی تر بکەین. ئێمە هەموومان کردووە.

**ئەو ڕووداوانە کە بۆ کورد لە ناوچەکەدا هاتوونەتەپێش کە تەئسیریان هەبووە لە زەقکردنەوەی مەسەلەی میللی، چەند تەئسیری هەبووە لەسەر ئێوە بۆ ڕەخنەگرتن لەو قالبە؟**

- بۆخۆم هیچ تەئسیری لەسەرم نەبووە. ڕەنگە موخالیفینی من ئەوە بڵێن کە ئەوە فشاری ئەو وەزعەیە. من پێموایە ئێستا کێشەی میللی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هەیە و دەبێ چارەسەر بکرێ. دوو میللەت هەن وەک کورد و فەلەستین کێشەکەیان دەبێ حەل ببێ. من پێموایە ئیمپریالیستەکان ئەمەیان هێشتۆتەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئەم خەڵکانە بچەوسێننەوە. ئێمە وەک کۆمۆنیستێک بۆ حەللی ئەو کێشەیە دەبێ پێشقەدەم بین. هەرچەند من پێموایە تەنیا ڕێگای حەللی مەسەلی کورد پێکهێنانی دەوڵەتی کوردییە.

**پێت وانییە خستنەڕووی ئەم داوایانەی ئێوە نابێتە هۆی لێکترازانێکی دیکە لە حیزبی کۆمۆنیستدا؟**

- ئێمە نە هەوڵمان داوە و نە هەوڵیش دەدەین بۆ جیابوونەوە.

**ئەی ئەگەر داواکانتان قبووڵ نەکرێن؟**

- ئێمە نامانەوێ بزووتنەوەی چەپ لەو بەشەدا لاواز بکەین، بەڵام ئینشعابیش دوولایەنەیە نەک یەکلایەنە. بەڵام هەوڵ نادەین بۆی. پێموایە هەر ئینشیعابێکیش بکرێ دەبێ قازانجی کرێکار و زەحمەتکێشی تێدا بێ، بۆیە هەر ئینشعابێک قازنجی چەپ و زەحمەتکێشی تێدا نەبێ من پێموایە بزووتنەوەی چەپ لاواز دەکا.

**پێت وانیە ئەگەر شتی وا ڕووبدا لە حیزبی کۆمۆنیستدا ئەمە بە قازانجی بزووتنەوەی کورد لە ئێران بشکێتەوە؟**

- من پێم وانییە. پێم وانییە ئینشعاب لە کۆمەڵەدا بە قازانجی خەڵکی کورد تەواوبێ. بە دەلیلی ئەوە چەپ زەعیف تر دەبێ، کە چەپ زەعیف بێ، ئەحزابی ناسیۆنالیست قەوی تر دەبن. ئەو کاتە مەجبوورە مل دابنێ بۆ داواکانی ئەحزابی ناسیۆنالیست.

**تو لەلایەک باس لە دامەزرانی دەوڵەتی کوردی دەکەی و لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێی ئاسۆی سەرانسەریتان هەیە. ئەم دوالیزمە چۆن پێکەو دەگونجێن؟ قسەکان ناکۆکی زۆریان تێدایە. پێموایە ئێوە تەنیا قالبەکەتان ناوێ، وەگەر نا بیرکردنەوەتان هەمان بیرکردنەوەی کۆمۆنیستەکانی ئێرانە بە نیسبەت کێشەی کوردەوە؟**

- بەڵی وایە. ڕاستە کێشە، کێشەی قالبە. بەڵام ئەو ڕەخنانەی ئێمەش دروستن. من ئێستا ئیحساسی مەسئوولییەت دەکەم لە بەرانبەر خەڵکی کورددا. پێموایە خەڵکێکن مەزڵووم. بۆ دەبێ لەژێر ناوی مەسەلەی میللیدا وایان بەسەردا بێ؟ من پێموایە خەڵکی کورد دەبێ لەژێر ئەو بارە بێتەدەرێ کە ئەوەش بە قازانجی ئێمەش وەک چەپە. چونکە بۆ ئێمەش ئەگەر مەسەلەی میللی حەل بکرایە، ئیتیر هیچ مانعێکمان نەدەبوو بۆ بەرەوپێشچوونی باقی بەرنامەکانمان.

**ئێوە لە بواری بیر و باوەڕەوە زیاتر خۆتان لە چ لایەن و حیزبێکی کوردی لە کوردستانی ئێران بە نیزیک تر دەزانن؟**

- ئێمە خۆمان لە هیچ حیزبێک لە بواری بیر و باوەڕەوە بە نیزیک نازانین، چونکە من ئینسانێکی کۆمۆنیستم و ئەو حیزبانەش هیچ کامیان کۆمۆنیست و مارکسیست نین.

**کەواتە حیزبی کۆمۆنیست هەر بە ناو حیزبی کۆمۆنیستە؟ ئەگینا حیزبی وا بوونی نییە؟**

- حیزبی کۆمۆنیست هەر کۆمەڵەیە و کۆمەڵەش خۆی بە چەپ و سۆسیالیست دەزانێ لە کوردستاندا.

**هەست ناکەی جەریاناتی چەپ لە ئێران لە هەوڵدان بۆ ناساندنی ئێوە وەک کۆمەڵێک کادری ناسیۆنالیست و دەرکردنتان لە حیزبی کۆمۆنیست و تاوانبارتان بکەن بە دژایەتی لەگەڵ کۆمۆنیست و سۆسیالیزم؟**

- با، زۆر هەوڵدراوە. ئێمە کە ئەو نامەیەمان بڵاوکردەوە، هەموو لایەک کەوتە رەقس و سەما. پێیان وابوو ئێمە جۆرێکی دیکە بیردەکەینەوە. حەتتا ئێمە وەڵاممان نەدانەوە چون بە پێویستمان نەدەزانی. ڕخنەیان لە ئێمە گرت کە ئێوە شتەکانتان نەگۆڕاون و وەک جاران بیر دەکەینەوە. دەی ئێمە هەروا بیردەکەینەوە و بنەما فیکرییەکانمان نەگۆڕاون. ئێمە کۆمۆنیستین و پێمانوایە کۆمۆنیست تا ئێستا ڕۆشن ترین وەڵامە بۆ وەزعی ئێستای دنیا. من پێموایە هیچ بۆچوونێک وەک کۆمۆنیست تا ئێستا نەیتوانیوە وەڵامێکی ڕۆشن تر بداتەوە بە کێشەکانی ئەمڕۆی دنیا.

**ئێوە، ئەو حەوت کەسە، هەرچەند نامەیەکی پرسیارخوڵقێنتان دایە دەرەوە بەڵام هەست دەکەم زۆر سوور نین لەسەر داواکانتان و لە ڕاگەیاندنەکانیشدا دەرناکەون و جۆرێک بێدەنگیتان لە داواکانی خۆتان کردووە. ڕەنگە ئەمە یەکەم چاوپێکەوتنی ئێوە بێ؟! بۆ ناتانەوێ شەفاف بن؟**

- پێموایە من شەفاف قسەم کردووە. من چەند شت دەڵێم. من دەڵێم ئینسانێکی کۆمۆنیستم. دە ساڵی دیکەش لێم بپرسی هەر ئەو ڕستەیەت پێ دەڵێم کە من کۆمۆنیستم. ئێمە ئامانجمان هەیە. پێشم وانییە شتەکانم باس نەکردبن.

**باشە ئەو کۆمەڵەیەی داوای دەکەی، دەتوانێ هەڵگری ئەو ئەفکارەی تۆ بێ؟**

- بەڵێ دەتوانێ. ئەزانی چۆنە، ئینسانی کۆمۆنیست مەرزی نییە. منیش مەرزم نییە.

**ئەو کاتەی کۆمەڵە چووە نێو حیزبی کۆمۆنیست، تۆ لە کوێ بووی؟**

- من لە گوندێکی بەینی بۆکان و سەقز بووم.

**چۆن ئەم وەسڵبوونەت زانی و چ هەستێکت بوو؟**

- من لەرێگەی ڕادیۆیەوە زانیم. ئەو کات من مەسئوولی یەکێک لە هێزەکانی کۆمەڵە و ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بۆکان بووم. من موخالیف نەبووم.

**بۆچی حیزبی کۆمۆنیست نەیتوانی ببێ بە حیزبێکی سەرتاسەری؟**

- حیزبی کۆمۆنیست کادری نەبوو لە ئێران. وەک چۆن لە شارە کوردییەکان کادری هەبوو لە شارە فارسەکان نەیبوو.

**ئێستا دوو کۆمەڵە بە پێشگر و پاشگرەوە هەن. ئەم کۆمەڵەی ئێوە چۆن دەبیٚ؟**

- ئەم کۆمەڵەی ئێمە ئەو دوو کۆمەڵەیە نییە باست کردن. ئەم کۆمەڵەیە ئاواتی هەزاران ئینسانی زەحمەتێکیشی ئێران و کوردستانە.

**ئەی بۆ خۆت هەڵنەبژاردەوە بۆ کۆمیتە مەرکەزیی حیزبی کۆمۆنیست؟**

- خۆم، خۆم کاندید نەکرد.

**ترسای لەوە کە ڕەئی نەهێنیتەوە؟**

- نا، من بڕیاری خۆم دابوو. پێم باش نەبوو کە بەهۆی بۆچوونەکانم لەنێو کۆمیتەی مەرکەزیی حیزبی کۆمۆنیست بمێنمەوە.

**کەواتە تۆ ماڵاواییت کردووە لە حیزبی کۆمۆنیست؟**

- من باسم کرد، ئەمە ماڵاوایی نییە. مەسەلە کاندید نەکردنیش نییە. خۆ من پێش کۆنگرەوەی 12 خۆم هەڵنەبژارد بەڵام ئەمە بە مانای ماڵاوایی نییە، ئێمە یەک تەشکیلاتین.

**ئەگەر داواکانی ئێوە قبووڵ نەکرێن دەتوانی ئەو وەعدە بدەی کە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا ئینشعاب ڕوونادا؟**

- ئەم جەمعەی ئێمە نە هەوڵمانداوە و نە هەوڵیش دەدەین کە ئینشعابێک ڕوو بدا.

**مەسەلەن تۆ ماشینێک دەبینی شۆفیرەکەی زۆر باشە بەڵام ماشینی دیکە لێی دەدا. ئەم لێدانە هەیە لەلایەنی بەرانبەرتان؟**

- من ناڵێم هەیە، بەڵام تۆ ناتوانی تەزمینی ئەوە بکەی کە حەتمەن فشارت بۆ ناهێنن.

**کەواتە ئەگەر داواکانی ئێوە جێبەجێ نەبن شاهیدی سەرهەڵدانی کۆمەڵەی سێیەم دەبین؟**

- مەسەلە پێکەوەژیانە. چونکە ئێمە ئامانجی وەک یەکمان هەیە بەڵام ئەمەی کە باس دەکەم وەک لابردنی قالب هەر کەس مەنتەقی بێ دەتوانێ قبوڵی بکا. ئێمە پێکەوە بە ئاسانی دەتوانین کار بکەین، مەگەر کەسێک بیەوێ کەسێکی دیکە حەزف بکا. من لەو کادرانەم کە هەمیشە کارم کردووە و تەنانەت ئەو کەسانەش کە وەک من بیر ناکەنەوە پێیان خۆشە من لە تەشکیلاتی کوردستاندا بمێنمەوە.

**تو دەتوانی ئەو موژدە بدەی وەک خۆتان کە ئەم ئینشعابە لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا پێک ناهێنن؟**

- دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەو شتە ڕوو نەدا و هەوڵیشی بۆ دەدەین.

**بەڵام دەتوانین بڵێین خەتی جیاواز لەنێو حیزبی کۆمۆنیستدا هەیە؟**

- بەڵێ ئێمەش خەتێکن.

**بۆ لە ڕاگەیاندندا لاوازن و کەم دەردەکەون؟**

- ئەوە هۆکاری خوی هەیە کە کەم دەنووسین. شایەد لە داهاتوودا لەو بارەیەوە زیاتر کار بکەین و ڕوو لە دەرەوە قسە بکەین.

**ئەم داوایانەی ئێوە هەر لە چوارچێوەی ئەو 7 کەسەدا ماوەتەوە یان زیاتری کردووە لە تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیستدا؟**

- بۆ ئەو بۆچوونەی ئێمە خەڵکی دیکە تا هاتووە زیادی کردووە، کەمی نەکردووە.

**ئەمە دژایەتی نییە لەگەڵ تەشکیلاتی حیزبی کۆمۆنیست بەو مانایە کە ئێوە تەشکیلاتێکتان دروست کردووە لەنێو تەشکیلاتێکی دیکەدا؟**

- ئێمە تەشکیلاتمان دروست نەکردووە. شایەد ببین بە کەمایەتی لەنێو ئەو تەشکیلاتە و دەبێ تەحەمولی بکەین.

**ئێوە دەڵێن لە هیچ حیزبێکی دیکەی کوردی ناچن. ئەمە ئاڵۆزتر کردنی بلوکبەندیی سیاسیی کوردستان نییە؟ عەبدوڵلا موهتەدی لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مندا دەلێ (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گۆڕێکی بەکۆمەڵە بۆ کادرەکانی کۆمەڵە). لێرەدا مەبەستی ئێوەیە. پێت وانییە ئەم ڕەخنانەی ئێوە لە حیزبی کۆمۆنیست بە جۆرێک تەئیدی قسەکانی ئەو بن؟**

- من پێم وانییە. چونکە ئێمە دوو بەرنامەی جیاوازین و دوو حیزبی جیاوازین لەگەڵ زەحمەتکێشان. ئەوەی ئەوان دەیکەین ئامانجیان ئەوەیە کۆمەڵە بەرەو جیهەتێک بەرن کە کادرەکانی وەک ئەوان بیر بکەنەوە. یانی پشتبەستن بە ئەمریکا و گرتنەبەری سیاسەتێکی ڕاست کە بەدەستیانەوە گرتووە. بۆیە فشارێکە دەیهێنن لەژێر ناوی کۆمەڵەدا. من پێموایە قسەکانی تەوهین ئامیزە، بەڵام من پێم وانییە ئەو تەشکیلاتە گۆڕێک بووبێ چ بۆ ئەوانەی گیانیان بەخت کردووە و چ بۆ ئەوانەی ماونەتەوە وەک ئێمە. ئێمە موباریزاتی خۆمان لەوێدا ئیدامە داوە و کۆمەڵەش بووین. ئەو لە عالەمی دیپلۆماسیەت دەیەوێ ئیستفادە لەوە بکا کە ئەو کۆمەڵەی ئێمە کۆمەڵە نییە. کۆمەڵەش خەڵک بە ڕەوتێکی سۆسیالست و چەپ ناسیویانە. ئەو قسانەش زیاتر وەڵامدانەوەیەک بوو بەو وەزعییەتەی لە کۆنگرەی خۆیان هاتەپێش. ئەو هێندێ قسەی کردووە لەسەر ئێمە کە شتی تازە نین و پێموایە جیهەتی کاک عەبدوڵلا جیهەتی ڕاستە و پێم وانییە کۆمەڵەیەکی ڕاست لە کۆمەڵە ئینشعاب بکا.

| **جەعفەر ئەمینزادە لە چەند دێڕێکدا** |
| --- |
| ▪ خەڵکی سەقزە<br>▪ فەرماندەی هێزی پێشڕەو بووە<br>▪ فەرماندەی گوردانی 31ی بۆکان بووە<br>▪ ئەندامی کۆمیتە شارستانی بۆکان بووە |

- فەرماندەی نیزامیی بۆکان بووە
- ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات بووە
- لەنێو کۆمەڵە فەرماندەی نیزامیی گشتیی کۆمەڵە بووە
- مەسئولی دەبیرخانەی کۆمەڵ بووە
- بەرپرسی ئاموزشگای کۆمەڵە بووە
- ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی حیزبی کۆمۆنیست بووە
- ئێستا فەرماندەی نیزامیی کۆمەڵە و بەرپرسی ئاموزشگای پێشمەرگایەتی کۆمەڵە و ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی کۆمەڵەیە